# ناوەڕۆک

دابەزاندنی بەرنامە ........ ١
بۆرد ........ ٢
ڕێکخستنەکان ........ ٣
باکەپ وەرگرتن ........ ٤
دەسپێکردنی کار بە بەرنامە ........ ٤
دەرمان و خزمەتگوزاری ........ ٥
لیستی دەرمان ........ ٨
چاپی بارکۆد بۆ سەر ڕفەکان ........ ١١
کارتی دەرمان ........ ١٣
ڕاپۆرتی دەرمانە تێکچووەکان ........ ١٤
پێناسەی دەرمانە تێکچووەکان ........ ١٤
کەسەکان و کۆمپانییەکان ........ ١٤
کڕین و فرۆشتن ........ ١٧
پسوولەی فرۆش ........ ١٨
پسوولەی کڕین ........ ٢٠
لیستی پسوولەکان ........ ٢١
قازانج و زەرەر ........ ٢١
وەرگرتن و پێدان ........ ٢٢
داخڵ کردنی نەقدی بە سەربەخۆیی ........ ٢٢
خەرجی و داهات ........ ٢٣
پێناسە و پێدانی خەرجییەکان ........ ٢٣
ڕاپۆرتەکان( دیزاین، ژمێریاری) ........ ٢٣

## دابەزاندنی بەرنامە

لە سایتی shahirsoft.com دوایین وەشانی بەرنامەی ڕۆبۆت دانلۆد بکەن و دایبەزێنن.

بۆ دابەزاندنی بەرنامە فایلی Autorun.exe بەڕێوەبەرن. لەسەر دوگمەی نصب کلیک بکەن و دوایی بە پێی ئەوەی کە ویندۆزی ئێوە xp، 10، 8 یان 7 بێت ئایتەمی شیاو هەڵبژێرن. هەنگاوەکانی دابەزاندن درێژە پێبدەن، ئەگەر بەرنامەکە دابەزێت ئایکۆنەکانی بەرنامە لەسەر Desktopی کۆمپیوتەرەکەتان دەردەکەون.




*سێ ئایکۆنی فێرکاری و یارمەتیدان و دابەزاندنی بەرنامە*

دوای بەڕێوەبردنی بەرنامە فۆرمی داخڵ بوون بە بەرنامە بە شێوەی خوارەوە دەردەکەوێت:




ناوی بەکارهێنەری بنەڕەت admin و وشەی تێپەڕبوونی بنەڕەت admin ە، تا ئەو کاتەی کە نەیگۆڕن پێویستی بە داخڵ کردن نییە دەتوانن بە کلیک لەسەر دوگمەی چوونەژوور داخڵ بە بەرنامە بن.

بۆ گۆڕینی وشەی تێپەڕبوونی بەرنامە دوای چوونە ناوەوەی بەرنامە، لە بەشی گۆرینی تێپەڕوشە سوود وەرگرن.

بۆ چالاک کردنی بەرنامە، پەیوەندی بە ژمارە تەلەفۆنی ٠٧٥١٠٥٦٠٤٧٥ بکەن.

## بۆرد

بە کردنەوەی بەرنامە، بۆردی بەرنامە بە شێوەی خوارەوە نیشان دەدرێ:




1. **دەرمـان و خزمەتگوزاری:** بە کلیـک کردن لەســەر دوگمەکـانی ئەم بەشــە دەتوانن دەرمـانەکانتان پێناســە بکەن و خزمەتگوزارێکانی وەکوو لیســتی دەرمانەکان، بە گرووپ کردنی دەرمانەکان، لیستی دەرمانە تێکچووەکان و لیستی بەسەرچوونی نزیکی دەرمانەکان ببین هەروەها بارکۆد بۆ دەرمانەکان دروست بکەن.
2. **کڕین و فرۆشتن:** بە کلیک کردن لەسەر دوگمەکانی ئەم بەشە دەتوانن پسوولەکانی کڕین و فرۆشــتن، زیاد کردنی کڕیاران و فرۆشــیاران ئەنجام بدەن. هەروەها بەڕیوەبردنی پسـوولەکان و چارەسـەر کێشـەکانی پسـوولەکان، وەکو پسـوولەکانی هەڵگەڕاوە لە فرۆشـتن ئەنجام بدەن.
3. **وەرگرتن و پێدان:** لە دوو بەش پێک هاتووە کە بە کلیک کردن لەســەر دوگمەکانی ئەم بەشە دەتوانن وەرگرتنی پارە بە نەقد و پێدانی پارە بە نەقد ئەنجام بدەن.
4. **ڕێکخستنەکان:** بە کلیک کردن لەسەر دوگمەکانی ئەم بەشە دەتوانن زانیاریەکانی سەرەتایی و ڕیخســتنەکانی پەیوەندیدار بە بەشــەکان بگۆڕن. هەروەها دەتوانن ڕێخســتنەکانی پەیوەندیدار بە بەکارهێنەران، ئیمەیل، باکەپ گرتن و ... ئەنجام بدەن.
5. **ڕاپۆرتەکان:** ڕاپۆرتەکانی هەر بەشـێک بە جیا لەم بەشــەدایە. بۆ بینین، ڕاپۆرتی ڕەچاوکراو هەڵبژێرن و دوگمەی پێشــانـدان کلیـک بکەن. لەم ڕێبەرەدا هەر کـات نـاوی ڕاپۆرت دەگووترێ بۆ وەدەست هێنانی دەتوانن لەم بەشەی بەرنامە سوود وەرگرن.

6. **زانیاری ڕۆژانە:** ڕادەی فرۆشتن، قازانج، وەرگرتن، بوونی دەخل و حیسابی بانکی پەیوەندیدار بەم ڕۆژە نیشاندەدرێ. دەتوانن بە کلیک کردن لە سەر مینۆی تەنیشت ڕاپۆرتی کاری ڕۆژانە ببینن.




7. **گەیشتنی خێرا:** ئەو خزمەتگوزاریانەی کە زۆرتر سوودیان لێوەردەگیرێ بۆ گەیشتنی خێرا لەم بەشدا پۆلێن کراون.
8. بەروار و کاتی ئێستایی سیستەم نیشان دەدا. بۆ گۆڕینی دەتوانن لەسەر چوار گۆشەی بچووکی نیشاندراو لە وێنەی خوارەوە کلیک بکەن.




## ڕێکخستنەکان

لە بەشی ڕێکخستنەکان شەش لاپەڕەمان هەیە:




**ڕێکخستنەکانی دەرمانخانە:** لەم لاپەڕەدا ڕێکخستنی ئایتەمەکانی وەکو ناو و لۆگۆی دەرمانخانە بوونی هەیە کە لە پسوولە و ڕاپۆرتەکاندا دێن.

**ڕێکخستنەکانی پسوولە:** لەم لاپەڕەدا ڕێکخستنی ئایتەمەکانی وەکو قەبارەی پسوولە و هێندێک لە ستوونەکانی خۆویست وەکو داشکاندنی ئەیتەمی و شرۆڤەی ئایتەمی بوون هەیە کە دەتوانن چالاک یان ناچالاکیان بکەن، هەروەها ئەو تێبینیانە کە دەتوانن بە کۆتایی پسوولەدا زیادیان بکەن.

**ڕێکخستنەکانی بەرنامە:** لەم لاپەڕەدا دەتوانن ڕێکخستنی ئایتەمەکانی وەکو ڕێکخستنی دراوی سوود لێوەرگیراو، پێناسەی ئامێری بارکۆد و ئایتەمەکانی تر ئەنجام بدەن.

**لاپەڕەی چوارەم ڕێکخستنەکانی ئیمەیل و فاکس:** ...

## باکەپ وەرگرتن




وەرگرتنی باکەپ بە شـێوەی ڕۆژانە و ڕێک و پێـک لە زانیـاریـەکـان گرنگە. چونکە ئەگەر سـیسـتـەمـەکەتان تووشـی گرفت بێ، بوونی باکەپێک لە زانیاریکانی بەرنامە لەسەر فلەش مێمۆری یان جێگایەکی تر، دڵەڕاوکێی ئێوە ڕادەپەڕێـنـێ؛ بـۆ نـمـوونـە کـاتـێـک کە پسوولەیەک بە هەڵە دەسڕنەوە!!.

>> کاتی چوونە دەرەوە لە بەرنامە فۆرمی وەرگرتنی باکەپ بۆ ئێوە نیشان دەدرێ.<<

1. ڕێچکەیەک کە فایلی باکەپ لەوێدا پاشـەکەوت دەکرێ بە کلیک لە سـەر دوگمەی  دەتوانن بگۆڕن.
2. ناوی فایلی باکەپ بە ڕەچاوکردنی بەروار و کاتژمێری ئێستا. دەتوانن ناوەکەش بگۆڕن.
3. دوگمەی "بـاکەپ وەرگرتن و چوونە دەرەوە" لە بەرنـامە کە ئیشـی بـاکەپ وەرگرتن لە بەرنامە ئەنجام دەدادت و پاشان لەبەرنامە دەچێتە دەرەوە.

## دەسپێکردنی کار بە بەرنامە

1. ڕێکخستنەکانی سەرەتایی بەرنامە بە پێی ئایتەمەکانی پێشوو، لە بەشی ڕێکخستنەکان ئەنجام بدەن و بەرواری سیستەم چێک بکەن.
2. دەرمانەکانی کە لە دەرمانخانەدا بوونیان هەیە بیانژمێرن و ڕێک و پێک بکەن و داخڵی بەرنامەیان بکەن. ( داخل کردنی ڕادەی دروستی ئەم دەرمانانە خۆویستە ) ئەگەر دەتان هەوێ ڕادەی دەرمانەکانتان بە پسوولە(وەصڵی)کانی کڕینی کە لەمەو پێش ئەنجامتان داوە داخل بکەن ژمارەی سـەرەتایی دەرمان لە فۆرمی پێناسـەی دەرمانەکە بە بڕی سـفر پڕ بکەنەوە)



٣. لیســـتی لایەنی حیســـابەکانی خۆتان( کڕیار، فرۆشـــیار، ویزیتۆر، دایرەکان و ... ) و ڕادەی قەرزداری و داواکاری وان لە بەرنامەکە داخل بکەن.
٤. حیسابی بانکی و بوونی پارەکەیان بە بەرنامەکە بناسێنن.
٥. بنکەکانی خەرجی و داهاتی خۆتان بدۆزنەوە و بە بەرنامەکەیان بناسێنن.
٦. لەم و بە دوا دەبێ دەرمانەکانی کڕدراو بە پســـوولەی کڕین و دەرمانە فرۆشـــراوەکان بە پسوولەی فرۆش لە بەرنامەکەدا داخل بکەن.
٧. پسوولەی کڕین و داخل کردنی خەرجی و وەرگرتن، داواکاری لایەنی حیساب زیاد دەکات و پسوولەی فرۆش و داهات و پێدان، قەرزداری لایەنی حیساب زیاد دەکات.

ئێوە لەم بەرنامەیەدا لەگەڵ ئایتەمەکانی وەکو: لیست، فۆرم و ڕاپۆرت سەروکار و دەبێ.

١. فۆرمەکـان؛ بۆ داخـل کردن، گۆڕین یـان بینینی تـایبەتمەنـدی تەواوی یەک ئـایتەم(وەکو دەرمان، پسوولە، خەرجی، چەک) سوودی لێوەردەگیرێ.
٢. لیســـتەکـان: بۆ لیســـت کردن، گەڕان و بەڕیوەبردنی ئایتەمەکانی لە پێش داخـل کراو بەکاردێت. ( وەکو لیست دەرمان و لیستی پسوولەکان، بەڕیوەبردنی خەرجی، بەڕێوەبردنی داهات و ...)
٣. ڕاپۆرتەکـان: ڕاپۆرتەکـان بۆ وەرگرتن و بینینی ئەنجـامەکـانی تـایبەت بە زانیـارییە داخـڵ کراوەکـان ســـوودیـان لێوەردەگیری.(وەکو ڕاپۆرتی کـارتی دەرمـان، دۆخی کەســـەکـان، کەمبوونی دەرمان، بەسەرچوونی دەرمان و ...)

لەدواتردا دەمان هەوێ ئەم ئایتەمانەی سەرەوەتان پێ بناسێنین.

## دەرمان و خزمەتگوزاری

بۆ پێنـاســـە کردنی دەرمـان یـان گۆڕینی تـایبەتمەنـدییەکـانی دەرمـان هەروەهـا ڕاپۆرتی تـایبەت بە دەرمانێک دەتوانن لە فۆرمی پێناسـەی دەرمان کە بە کلیک کردن لەسـەر دوگمەی پێناسـە کردنی دەرمان لە گەیشـنتی خێرا و بەشـی دەرمان و خزمەتگوزاری بۆرددا دەدۆزرێتەوە سـوود وەرگرن. وێنەی ئەم فۆرمە لە خوارەوەدا دەبینن. هەروەهـا لە درێژەدا چۆنێتی پڕ کردنەوەی بـاکســـەکـان باسی لێکراوە.



تایبەتمەندییەکانی دەرمان بەم شێوەی خوارەوە داخڵ بکەن و پاراستن کلیک بکەن.

**بارکۆد**: بارکۆدی دەرمان بە سوود وەرگرتن لە ئامێری بارکۆد داخل بکەن یان ئەگەر دەرمانەکە بارکۆدی لەسەر نییە لەسەر دوگمەی تەنیشتی کلیک بکەن با سیستەم بۆ خۆی بە هەڕەمەکی بارکۆدێک بۆ دەرمانەکە تەرخان بکات. دەتوانن دواتر ئەم بارکۆدە بە ئامیری چاپی بارکۆد بۆ ڕادەی بوونی ئەم دەرمانە چاپ بکەن و لە دەرمانەکەی بدەن.

**ژێرگرووپی دەرمان**: گرووپی دەرمان لە لیست هەڵبژیرن ئەگەر لە لیستی دەرمان دا نەبوو تایپی بکەن با بە گرووپی دەرمان زیاد ببێت. یان دوگمە تەنیشتی کلیک بکەن لەو فۆرمەی کە دێت ژێر گرووپی دەرمانەکەتان زیاد بکەن.

**ناو**: ناوی دەرمان لێرە داخڵ بکەن پێناسەی دوو دەرمان بە یەک ناو ئێزن پێنەدراوە، لە ناوی تەواوی دەرمان سوود وەرگرن ( ناوی تیجاری و زانستی و دۆزی دەرمان و قەبارەکەی). تەنیا بە ناوی دەرمان لەسەر پسوولەی کڕین بەسەندە مەکەن.

**کاتی بەسەرچوون**: دەتوان لە باکسی "کاتی بەسەرچوون"دا کاتی بەسەرچوونی دەرمان بنووسن.

**ڕادەی سەرەتایی دەرمان**: ئەگەر ئێوە پسوولەی دەرمانەکە و نەبێت و بۆ یەکەم جار ئەم دەرمانە پێناسە دەکەن ژمارەی بوونی دەرمانەکەتان لە دەمانخانەدا لێرە داخڵ بکەن. بەڵام

کاتیک کە لە پسوولەی کڕین بۆ ژمارەی دەرمانی کڕدراو سوود وەردەگرن بە بڕی سفر پڕی بکەنەوە.

**نرخی کڕینی سەرتا:** ئەگەر بۆ یەکم جارە کە نرخی کڕینی ئەم دەرمانە داخڵی بەرنامە دەکەن لێرەدا نرخی کڕینی یەک دانە یان ئەگەر بەشیت دەفرۆشن نرخی کڕینی یەک دانە شیت(پارچە) داخڵ بکەن.

**لەسەدای قازانج:** ئەگەر دەتانهەوێ بە پێی لە سەدا نرخی فرۆشتنی ئەم دەرمانە دیاری بکەن ئەوە لێرەدا لە سەدی قازانج داخڵ بکەن بەرنامەکە خۆی بە شێوەی ئۆتۆمات نرخی فرۆشتن بە پێی لەسەدای قازانج دیاری دەکات و پێویست ناکات ئێوە نرخی فرۆشتن دیاری بکەن.

**نرخی فرۆشتن:** ئەگەر ناتانهەوێ لە سەدای قازانج بۆ نرخی فرۆشتن سوود وەرگرن دەتوانن بە دڵخوازی خۆتان نرخی فرۆشتن لێرەدا داخڵ بکەن.

**خاڵی ئاگاداری کەم بوون:** ڕادەی ئەم باکسە بۆ ئاگادار کردنەوەی ئێوە لە کەم بوونی ئەم دەرمانەیە. کە واتە بۆ ئەوەی بەرنامەکە لە ڕاپۆرتی کەم بوونی دەرماندا بنووسریت ڕادەکەی لێرەدا دیاری بکەن.

تێبینی: ئەگەر تیکی خاڵی ئاگاداری کەم بوون(وێنەی آ) لێدەن ئەوە بەرنامەکە بێ ئەوەی کە کاری بە خاڵی ئاگاداری کەم بوون بێت لە ڕاپۆرتی کەم بوونی دەرماندا کاتێک تیکی لیستی داواکارییەکانت (وێنەی ب) لێدا بێت دێت.




وێنەی: آ




وێنەی: ب

**ڕادەی ئێستای:** چالاک نییە بە پێی ژمارەی سەرەتایی دەرمان و پسوولەکانی کڕین دەگۆڕدرێ. بۆ زانیارییە.

**نرخی کڕینی مامناوەند:** نرخەکانی کڕین کۆدەکاتەوە و دابەشی ژمارەکەیان دەکات.

**دوایین نرخی کڕین**: هەوەکوو لە سەردێڕەکەی ڕا دیارە دوایین نرخی کڕین نیشان دەدات.

**وڵات**: بۆ دیاری کردنی وڵاتی دروست کەری دەرمانە.

**کۆمپانی**: بۆ دیاری کردنی کۆمپانی دروست کەری دەرمانە.

**جێگا**: بۆ دیاری کردنی جێگای دەرمانە لە دەرمانخانە یان کۆگا

**تێبینی یان شرۆڤە**: بۆ نووسینی تێبینی دەبارەی دەرمان یان شرۆڤەی دەرمان

**دوگمەی هەڵبژاردن**: دوایی پاراستی دەرمان چالاک دەبێت بۆ هەڵبژاردنی دەرمان لە لیستی دەرماندا سوودی لێوەردەگیری.

**دوگمەی سڕینەوە**: بۆ سڕینەوەی یەکجاری دەرمانە. کەواتە ئاگاداربە.

**دوگمەی نوێ**: بۆ پێناسە کردنی دەرمانی نوێیە.

**دوگمەی پاراستن**: بۆ پاراستن و پاشەکەوت کردنی دەرمانە پێناسە کراوەکەیە یان گۆڕینێتی.

**دوگمەی پاشگەزبوونەوە**: بۆ پاشگەزبونەوە لە گۆڕین یان پێناسە کردنی دەرمانە

**دوگمەی ڕاپۆرتی کارتی دەرمان**: ڕاپۆرتێک دروست دەکات کە زانیاری تەواو و دەربارەی ئەم دەرمانە نیشان دەدات.

**دوگمەی ڕاپۆرتی قازانج و زەرەری دەرمان**: بۆ بینینی قازانج و زەرەری یەم دەرمانەیە.

**دوگمەی ڕاپۆرتی دابینکەری دەرمان**: ڕاپۆرتێک بە پێی پسوولەکانی کڕینتان بۆ دروست دەکات کە نیشان دەدات ئەم دەرمانەتان لە چەندکۆمپانی کڕیوە.

**دوگمەی چاپی کڕین**: دەتوانن دەربارەی کڕینی ئەم دەرمانە لیست و ڕاپۆرت بە کۆمەڵێ خزمەتگوزای دروست بکەن.

**دوگمەی چاپی فرۆشتن**: : دەتوانن دەربارەی فرۆشی ئەم دەرمانە لیست و ڕاپۆرت بە کۆمەڵێ خزمەتگوزای دروست بکەن.

تێبینی: دەتوانن بۆ خێرای گەڕان لە نیوان ئایتەمەکانی فۆرمی پێناسە کردنی دەرمان لە دوگمەی enter سوود وەرگرن. هەروەها بۆ گەڕانەوە لە shift+tab بەکاربهێنن.

## لیستی دەرمان

بۆ بینینی لیستی دەرمانەکان لەسەر دوگمەی لیستی دەرمانەکان لە بەشی گەیشنتی خێرا و بەشی دەرمان و خزمەتگوزاری بۆرددا کلیک بکەن. بەشێک وەکوو وێنەی خوارەوە دەردەکەوێ.

کە دەتوانن لە کۆمەڵێک خزمەت گۆزاری کە لێرەدا دانراون سوود وەرگرن بۆ وێنە گەڕان بەدوای دەرمان بە فیلتەرە جۆراو جۆراکن و باکسی گەران و جیا کردنەوەی ژێر گرووپی دەرمانیش.



1. **گەڕان بۆ:** لە باکسی "گەڕان بۆ" دەتوان هەر شتێک کە دەیزانن لە دەرمانەکە بینووسن. ئەگەر دەرمانەکە پێشتر پێناسە کرا بێت و باکسەکی تەنیشتیشی ژێر گروپی دەرمان "هەموو" بێت، دەیدۆزنەوە.




2. **ژێر گرووپی دەرمان:** دەتوان لەم باکسەدا ژێر گرووپی دەرمان دیاری بکەن. لیستەکە دەگۆڕدرێ بە تەواوی ئەو دەرمانانەی کە لەم ژێر گرووپەدان.




3. **گرووپ کردن:** دەتوان ستوونێک ڕاکێشنە سەرەوە بۆ ئەوەی کە دەرمانەکان بە پێی ئەم ستوونە بە گرووپ بکرێن. بۆ نموونە ئەگەر ستوونی فرۆشتن ڕاکێشن. دەرمانەکان بەم شێوەی خوارەوە کە لە وێنەکەدا دەیبینن




دەردەکەون بە کلیک لەسەر هێمای نیشاندراو لە وێنەکەدا دەرمانەکانی ئەم گرووپە دەبینن. هەروەها دەبینن کە گرۆپەکان بە شێوە بەرزبوونەوەی نرخی فرۆش دانراون یانی گرووپی کۆتایی نرخی فرۆشیان لە وانی پێشوو زیاترە.






4. **ستوونی گۆڕین**: بۆ گەیشتن بە زانیارییەکانی تەواوی دەرمانێک و گۆڕینی، لە سەر ئایکۆنی قەڵەمەکەی کلیک بکەن.

5. بە کلیک ڕاست کردن لەسەر ستوونەکان و کلیک لەسەر هەڵبژاردنی ستوون، ئەو ستوونانەی کە دەتان هەوێ لە لیستی دەرمان زیادیان بکەن یان کەمیان بکەنەوە بە درەگ و کێشان بۆ لیست و یان بردن بۆ ناو فۆرمی هەڵبژاردنی ستوون جێبەجێ دەکرێن.






6. کارەکانی وەکو سڕینەوە، نوێ و چاپی بارکۆد و ئایتەمەکانی تر لە بەشی خوارەوەدا هاتوون.
7. بە کلیک ڕاست کردن لەسەر لیست کۆمەڵێکی تر لە خزمەت گوزاریێکان دەردەکەون کە لە وێنەی خوارەوەدا دەیان بینن. تاقیان بکەنەوە.




**تێبینی**: بۆ پسوولەکان، کڕیارەکان و فرۆشیارەکانیش بە شێوەی دەرمانەکان ئەم بەرنامەیە لیستی هەیە. کە بە ڕیز دەتوانین لە بەڕێوەبردنی پسوولەکان و کڕیارەکان و فرۆشیارەکاندا بیان بینین.

### چاپی بارکۆد بۆ سەر ڕفەکان

یەکێک لە ڕێگاکانی چاپی بارکۆد بۆ سەر ڕفەکان، سوود وەرگرتن لە خزمەتگوزارییەکانی لیستە.

کاتێک کە لیستی دەرمانەکان و لەبەر دەستە بێت ئەگەر ستوونی هەڵبژاردن لە ستوونەکانی لیستدا بێت دەتوانن دەرمانەکە هەڵبژین و دوگمەی چاپ یان F7 لەسەر تەختەکلیل لێبدەن فۆرمی خوارەوە دەردەکەوێ کە دەتوانن بە پێی پیویست لە فۆرمەکەدا ژمارە داخڵ بکەن و پەسەند کلیک بکەن.







تێبینی: بۆ چاپی بارکۆدی دەرمان سێ هەنگاوی خوارەوە ڕەچاو بکەن:

1. ئامێری چاپی بارکۆد واتە پرینتێری تایبەت بە بارکۆد (zebra barcode printer) ئامادە بکەن.
2. بەرنامەی ZebraDesigner لەسەر کۆمپیوتەرەکەتان دامەزرێنن.
3. بارکۆدەکە دیزاین بکەن و بە ئامیری پرینتێر بارکۆد چاپی بکەن.

تێبینی: بۆ دەرکەوتنی ستوونی هەڵبژاردن لە ستوونی دەرماندا لە فۆرمی هەڵبژاردنی ستوون کەڵک وەرگرن. "هەڵبژاردن" درەگ بکەنە لیستی دەرمان.

## کارتی دەرمان

یەکێـک لە گرنگترین ڕاپۆرتەکـانی پەیوەســـــت بە دەرمـان کـارتی دەرمـانە کە داخـڵ بوون و چوونەدەرەوەی دەرمان لە دەرمانخانە و هەژمار کردنی نرخی نیشان دەدات.


کارتی ڕاپۆرتی LIFe D3 5000 IU
کوگای دە رمان

| ژ | بەروار | جۆر | ژمارە | نرخی وەرگیراو | نرخی تاکی وەرگیراو | بڕی وەرگیراو | نرخی ناردراو | نرخی تاکی ناردراو | بڕی ناردراو | بڕی بوون | نرخی تاکی بوون | بڕی بوون |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | 2000/01/01 | ژمارەی سەرەتایی دەرمان | 10763 | | 10,312 | 0 | | | | | 10,312 | 0 |
| 2 | 2016/11/13 | کڕین | 163 | 6 | 10,312 | 61,872 | | | | 6 | 10,312 | 61,872 |
| 3 | 2016/11/13 | فرۆشتن | 167 | | | | 1 | 10,312 | 10,312 | 5 | 10,312 | 51,560 |
| ژمارەی دێڕەکانی ڕاپۆرت | | | | 6 | | | 1 | | | 11 | | |



1. جۆر: جۆری ئیشی ئەنجام دراو لەسەر دەرمان نیشان دەدات کە دەتوانیٚ ڕادەی سەرتایی پسوولەی کڕین و پسوولەی فرۆش بێت کە بە ژمارەی پسوولەکە دەتوانین بیدۆزینەوە.
2. چەند ستوونێکمان هەیە کە هەر کامیکان زانیاری باشمان دەربارەی دەرمانەکە دەدەنی.

وارده یانی هێنان بۆ دەرمانخانە.

صادره یانی دەرکردە لە دەرمانخانە.

ڕادەی وارده: ڕادەی هێنان یان کڕینی دەرمان نیشان دەدات.

ڕادەی صادره: ڕادەی دەرکردە یان فرۆش نیشان دەدات.

نرخی تاکی وارده: نرخی تاکی کڕین

نرخی تاکی صادره: نرخی تاکی دەرکردە

بڕی وارده: کۆی گشتی پارەی کڕین

بڕی صادره: کۆی گشتی پارەی دەرکردە

ڕادەی بوون: ڕادەی بوون لە دەمانخانە یان کۆگا

نرخی تاکی بوون: ڕوونە

بڕی بوون: سەرجەمی پارەی گشتی ئەو دەرمانە کە لە دەرمانخانەدا هەمانە.

3. لە دێڕی کوتاییدا ڕادەی بوونی دەرمانەکەمان دەتوانین ببینین.

**تێبینی زۆر گرنگ:** ئەگەر بوونی دەرمانێک ســالب بیٚ یانی لە ســتوونی ڕادەی بوون، ژمارەی سالبمان ببێت بەم مانەیەیە کە یان پسوولەی کڕینمان داخڵ نەکردووە یان بەرواری پسوولەی کڕینمان بە هەڵە داخل کردووە یان دواى پسـوولەی فرۆش داخڵ کراوە. بۆ گۆڕینی بوونی سالب دەبیٚ پسوولەی کڕینی بۆ پێش ئەم بەرواره دروست بکەین!!.

دەرمانەکانی کە دەیان کڕن بە پسوولەی کڕین داخڵیان بکەن و ئەم دەرمانانەی کە دەیان فرۆشن بە پسولەی فرۆش داخڵیان بکەن.

## ڕاپۆرتی دەرمانە تێکچووەکان

کاتێک دەرمانێک تێک دەچی یان دەشکێ یان لە لایەن خۆمان یان کارمەندەکانی خۆمان بکاردەهێندری بەڵام پارەکەی حیساب ناکرێت، هەروەها دەرمانە کات بەسەرچووکانی کە ناتوانین بۆ فرۆشیار بیگەڕێنینەوە دەتوانین لەم بەشەدا پێناسە بکەین کە وەکو زەرەر لە ڕاپۆرتەکاندا ڕەچاو دەکرێ.

### پێناسەی دەرمانە تێکچووەکان

دوگمەی تێکچووەکان لە بۆرد کلیک بکەن ئەگەر تێکچووی پێشتر و هەبێت ئەوە بە لیست دەیبینن. بۆ تێکچووی نوێ دوگمەی نوێ کلیک بکەن. تەبی نیشاندراو لە وێنەی خوارەوەمان بۆ دەردەکەوێ.




لێرەدا دوو حەڵەتمان هەیە:

یەکەم: ئەگەر پێشتر دەرمانەکەمان پێناسە کرا بێ و بوونی بە بەرنامە بە پسوولەی کڕین یان ڕادەی سەرەتایی داخڵ کرا بێت لە باکسی دەرماندا دەیدۆزینەوە یان ناوەکەی داخڵ دەکەین. جۆر و ڕادەشی دیاری دەکەین و پاراستن کلیک دەکەین.

دووهەم: ئەگەر دەرمانەکە پێشتر پێناسە نەکرا بێ دوگمەی  لە تەنیشت باکسی دەرمان کلیک بکەین و لە فۆرمی پێناسە دەرماندا دەرمانە کە پێناسە بکەن و ناوەکەی لە باکسی دەرماندا داخڵ بکەن وەکو حاڵەتی یەکەم کارەکانی ئەنجام بدەن.

تێبینی: لە شرۆڤە دەتوانن شرۆڤە بۆ تێکچووەکە بنووسن.

## کەسەکان و کۆمپانییەکان

کەسەکان، کۆمپانییەکان و تەواوی ئەم لایەنانەن کە ئێوە لە وان دەرمان یان هەر شتێکی تر دەکڕن یان ئێوە دەرمانیان دەدەنێیە، یان خزمەتگوزاریان پێشکێش دەکەن. هەروەها دایرەکان وەکو نەخۆشخانەکان و هتد و هەر شتێکی کە پێدان و وەرگرتن بە دەرمانخانەی ئێوە دەدات دەبێ بە بەرنامەکە بیناسێنن. بۆ پێناسە کردنی کەسەکان و کۆمپانییەکان دەتوانن لە دوگمەکانی پێناسەی کەسەکان و کۆمپانی لە گەیشتنی خێرا و بەشی کڕین و فرۆشتنی بۆرد ادا سوود وەرگرن.




**ناو**: ناوی کەسەکە یان کۆمپانی یان دەرمانخانە یان کۆگا لەم باکسە داخڵ بکەن.

**کۆد**: کۆدێک بۆ لایەنەکە هەڵبژێرە و لێرە داخڵی بکە.

**دۆخی سەرەتایی**: سێ حاڵەتمان هەیە: 1- پاک و بێحیساب 2- قەرزدار 3- داواکار.

ئەگەر حاڵەتی یەکەم هەڵبژێرن دوو باکسی خوارەوە چالاک نابن.

ئەگەر حالەتی دووەهەم و سێیەم هەڵبژێرن لە دوو باکسە کە باکسی سەرەوە چالاک دەبێ بۆوەی بڕی قەرز یان داواکاری سەرەتایی بۆ ئەم کەسە یان دەرمانخانە یان ... داخڵ بکەن.

**گرووپ**: بۆ گرووپ کردنی لایەنە حیسابەکانتانە. بۆ نموونە کڕیار، فرۆشیار، ویزیتۆر و دایرەکان کە دەتوان بە دڵخوازی خۆتان یان بە پێی پێویست زیادیان بکەن.

**مێژووی کڕیار**: مێژوی کڕیار نیشان دەدات.

**دەرمانەکانی کڕیار**: ئەو دەرمانانەی کە کڕیار کڕیوێتی نیشانی دەدات.

**Factor per day** : کاتێک ئەم تیکە لێبدەن پسوولەکانی ئەم کەسە یان دەرمانخانە ... بە پێی ڕۆژ هەڵسوکەوتی لەگەڵ دکرێ.

**دۆخی کڕیار**: ڕاپۆرتێکە کە تەواوی مێژووی کڕیار وەکو وەرگرتنەکان و پێدانەکان نیشاندەدات.

بە دوو جۆر دەتوانی ببینی:

1. جۆری یەکەم: کلیک بکەن لەسەر دوگمەی مێژووی کڕیار لە گەیشتنی خێرادا. فۆرمێک دەکرێتەوە ناوی کڕیار هەڵبژێرن. دە لیستێک دا دۆخی کەسەکە یان دەرمانخانەکە دەبینن.
2. جۆری دووەهەم: لە ڕاپۆرتەکاندا مێژووی کڕیار هەڵبژێرن.




دوگمەی پێشـاندان کلیک بکەن. فۆرمی خوارەوە دەردەکەوێ. لە باکسی کڕیار ناوی کڕیار هەڵبژێرن و بە پێی پێویســـــتی تیکی ئایتیمەکان لێبدەن یان کەمیان کەنەوە. دواى یەکیک لە دوگمەکانی خوارەوە "لیســتی ســتوونی" ، ... "ڕاپۆرتی ئاسـۆیی" بە پێی ئەوەی کە بۆ چاپ کردن بتان هەوێ یان بینین هەڵبژێرن و کلیک بکەن.




دواى کلیک کردن لەسەر دوگمەی "ڕاپۆرتی ستوونی" ڕاپۆرتێک وەکو وێنەی خوارەوەمان بۆ نیشاندەدرێ.

kogay lajyn مێژووی حیسابی کڕ — دەرمانخانەی دارین

مەودای ڕاپۆرتی ئەم ڕاپۆرتە پەیوەستە بە تەواوی زانیارێکانی کە هەمانە — بەرواری دروست کردن

| ژ | بەروار | ژمارە | پەیوەندیدار بە | شرۆڤە | قەرزدار | داواکار | ماوە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | 2016/11/12 | 60 | پسوولەی کڕین | | | 28,000 | 28,000 داواکار |
| 2 | 2016/11/12 | 91 | پسوولەی کڕین | | | 236,316 | 264,316 داواکار |
| 3 | 2016/11/13 | 97 | پسوولەی کڕین | | | 217,350 | 481,666 داواکار |
| ژمارەی دێرەکانی ڕاپۆرت | | | | | 0 | 481,666 | |

1. سەردێر ڕاپۆرت لەم بەشەدا دێت: وەکو مێژووی حیسابی کڕیار.
2. ئەگەر ڕاپۆرت پەیوەست بە ئایتەمێکی تایبەت بێت لەو بەشەدا دیبنرێت؛ وەکو کڕیاری یەکەم.
3. لەم بەشەدا مەودای ڕاپۆرت دیاری دەکرێت یانی ئەم ڕاپۆرتە پەیوەستە بە چ بەروارێک تا چ بەروارێکی تر.
4. بەرواری بەرواری دروست کردنی ڕاپۆرت
5. ستوونی پەیوەستە بە، دیاری دەکات کە ئەم دێڕە پەیوەستە بە کام بەش. بۆ نموونە بەشی پسوولە و ستوونی ژمارە، ژمارەی پسوولە دیاری دەکات کە بەم تایبەتمەندیانە دەتوانن بەڵگەیەک بدۆزنەوە یانی لیستی پسوولەکان بکەنەوە و بگەڕێن بە دوای ئەو ژمارە.
6. لەم بەشەدا دۆخی لایەنی حیساب دەربارەی قەرزدار بوونی یان داواکار بوونی دیری دەکرێت.

تێبینی: ئەگەر بۆ بینینی ڕاپۆرتی مێژووی کڕیار لە لیستەکان "لیستی ستوونی" و "لیستی ئاسۆیی" سوود وەرگرن خزمەتگوزاری زیاترتان دەستدەکەوێ. بۆ نموونە دەتوانن لەسەر ژمارەی پسوولەکان کلیک بکەن و پسوولەکان ببینن.

تێبینی: بۆ بینینی لیستی کەسەکان و کۆمپانییەکان یان باشتر بڵەین کڕیارەکان و فرۆشیارەکان دەتوانین لە دوگمەکانی "کڕیارەکان فرۆشیارەکان" لە گەیشتنی خێرا و بەشی کڕین و فرۆشتنی بۆرد سوود وەرگرن.

## کڕین و فرۆشتن

دوای پێناسە کردنی دەرمان و لایەنی حیسابەکان بۆ زیاد کردنی دەرمانەکان و کەمکردنەوەیان لە پسوولەی فرۆشتن سوود وەردەگرین. پسوولەی فرۆش سەرەڕای کەم کردنی بوونی دەرمان لە دەرمانخانە، لایەنی حیسابیش قەرزدار دەکات بە پێچەوانەی پسوولەی کڕین.

## پسوولەی فرۆش

بۆ هەڵبژاردنی پسوولەی فرۆش لە سەر دوگمەکانی پسوولەی فرۆشتن  لە گەیشتنی خێرا و بەشی کڕین و فرۆشتنی بۆرد دا کلیک بکەن.




1. **گرووپی دەرمان**: بۆ نیشـــاندن دانی دەرمانەکانی گرووپێکی تایبەت لە ســـەر ئەم گرووپە تایبەتە کلیک بکەن. بۆ بینینی لیسـتی هەموو ژێر گرووپەکان کلیک لەسـەر دوگمەی بکەن لیسـتی تەواوی ژێر گرووپەکان نیشـاندەدرێت بە شـێوە وێنەی خوارەوە. هەروەها بۆ هەڵبژاردنی ژێر گرووپێک لەسەر ژێرگرووپەکە کلیک بکەن.




2. **گەڕان**: بۆ گەڕان بە پێی ناو یان کۆد یان بارکۆد دەتوانن لەم بەشە سوود وەرگرن.
3. **لیســتی دەرمانەکان**: لەم بەشــەدا لیســتی دەرمانەکان نیشــان دەدرێ کە چالاکن هەروەها ئەگەر بوونی دەرمانێک ســالب بێت دەبێ بۆ نیشــاندانی لەم بەشــدا دەبێ تیکی فرۆش بە بوونی ســالب لە ڕێکخســتنەکاندا چالاک بکەن. بە کلیک کردن لەســەر هەر دەرمانێک یان بە وەرگرتنی بارکۆد لە ئامێری بارکۆد ئەو دەرمانە دەچێتە ناو پسوولەی فرۆشتن.

4. **مینۆی دەرمان**: بە کلیک ڕاسـت لەسـەر دەرمان، مینۆیەک دەردەکەوێت کە لەوی دەتوانین بۆ گۆڕینی تایبەتمەندییەکانی دەرمانێک، پێناسـەی دەرمانی نویَ و حاڵەتی نیشـاندانی لیسـت سـوود وەرگرین.

5. **ناوی کڕیار**: ناوی کڕیار دەتوانن لێرە ببینن بۆ هەڵبژاردنی ناوی کڕیار دەتوانن لە دوگمەی تەنیشـتی  سـوود وەرگرن. ئەگەر لایەنی حیسـاب نوێیە ناوی کڕیار یان لایەنی حیسـاب لەم بەشـەدا داخڵ بکەن بەرنامە دوای پاراسـتن ئەم پسـوولە ناوە بە لیسـتی کڕیارەکان زیاد دەکات. دواتر دەتوانن تـایبەتمەنـدییەکانی ئەم کڕیـارە داخـڵ بەکەن. هەروەهـا دەتوانن بۆ پێناسە کردنی کڕیاری نویَ لە دوگمەی  سوود وەرگرن.

6. کۆدی کڕیار: کۆدی کڕیار نیشـــان دەدات. دەتوانن لێەم باکســـەدا کۆدی کڕیار داخڵ بکەن کلیلی enter لێندەن بۆوەی کڕیارەکە هەڵبژێرن.

7. دۆخی کڕیار نیشان دەدات.

8. ژمارەی چەند ڕۆژی ڕابردوو نیشـان دەدات کە ئەم کڕیارە پسـوولەی کڕینی بۆ دروسـت کراوە.

9. ژمارەی پسوولەیە کە دوایی پارستن بە وی دەدرێت و ناتوانین بیگۆڕین.

10. **بەرواری گەیشـتنی**: لەم بەشـەدا دەتوانن ڕادەی مانگ دیاری بکەین بە واتایەکی تر دیاری بکەین کە ئەگەر ئەم دەرمانانەی دێنە ناو پسـوولەی فرۆش کاتی بەسـەرچوونیان کەمتر لەم ژمارە مانگە ماوە ڕەنگیان جیاواز بێت.

11. لە دواتر دا شرۆڤە دەکرێن.

12. **شریتی دۆخ**: دۆخی دوایین پرۆسەی ئەنجام دراو نیشان دەدات.

**تێبینی:**

**ستوونەکانی پسوولە**: ستوونەکان نیشان دەدات. ستوونەکانی وەکوو پێناسەی ئایتەم و داشکاندن ئەم ئایتەمەی کە دەتوانین لە ڕێکخسـتنەکانی پسـوولە ئەوان چالاک یان ناچالاک بکەین. داشـکاندنی ئایتەمێک ئەگەر بچووکتر لە ١٠٠ بێت بە شێوەی لەسـەدا هەژماری دەکات و ئەگەر زیاتر لە سـەد بێت ڕادەی وی ڕەچاو دەکات.

**ڕەنگی سـوووری نرخی تـاک**: ئەگەر لە بەشـــی نرخی تـاک، نرخێکی کەمتر لە نرخی کڕین داخڵ بکردرێت سوور دەبێت و ئاگادار دەکرێنەوە.

**ڕەنگی زەرد بەشـــی ژمارە**: ئەگەر ڕادەی داخڵ کراو زیاتر لە بوونی دەرمان بێت ژمارەی دەرمان ڕەنگی زەرد هەڵدەگەڕیَ.

دوگمەی  بۆ ڕێک و پێک کردنی ئەندازەی ستوونەکانە.

**دوگمەی " وەرگرتن و پێدان"**: بۆ بینینی وەرگرتنەکان یان پێدانەکانی پسوولەیە. کە توانای گۆڕین و لابردن و زیاد کردنی هەیە.




**دوگمەی " زانیاری پسوولە"**: زانیاری زیاترمان دەربارەی پسوولە نیشاندەدات.




1. **بەرواری دروســت بوونی پســوولە**: بەروارێک کە دەمان هەوێ پســوولە بۆ وی پاراســتن بکردرێت.
2. بەروارێک کە دەبێ پسوولە پارەکەی دەبێ بدرێت یان یەکلا بکردرێتەوە.
3. گرووپی پســوولە کە دەتوانین گرووپی دڵخوازی خۆمــان هەڵبژێرین بۆ نموونە بۆ ریســـتۆرانت ئایتەمەکانی وەکوو "بردنەدەرەوە" یان "ناو ســـالۆن" یان بۆ مارکێتی ئۆنلاین ئایتەمەکانی وەکوو چالاک بوونی ناردن (sending) و ناردراو دەتوانێ بێت.
4. تیکی یەکلا کراوە ئەگەر لێبدرێ ئەو پسوولەیە لە پسوولەکان یەکلا نەکراوەدا نایەت.
5. شرۆڤە
6. **هاوپێچ**: دەتوانن هەر پەیوەستێکی پێتان خۆش بێ هاوپێچی بکەن.
7. **جۆری نرخ**: بۆ سەپاندنی نرخەکانی فرۆش لە پسوولەدا سوودی لێوەردەگیرێ، بۆ نموونە دەتانهەوێ پسوولەیەک بە لەسەدا 20ی قازانج بفرۆشن بگەیەنن دەتوانن خرخی کڕین + 20 لە سەدا هەڵبژێرن و کلیک لەسەر دوگمەی تیک نرخ داسەپێنن.
8. Currency (**جۆری دراو**): بە پێی گۆڕینی دراو دەتوانن سەرجەمی گشت پسولەکە ببینن.

## پسوولەی کڕین

هەروەکو پێشــتر شــرۆڤە کرا پســوولە کڕینشــوە وەکو پســوولەی فرۆش وایە بەم جیاوازیە کە پســـوولەی کڕین بوونی دەرمان زیاد دەکات و دەبێتە هۆی دواکاری فرۆشـــیار. بۆ هەڵبژاردنی

پسوولەی کڕین لە سەر دوگمەکانی پسوولەی کڕین  لە گەیشتنی خێرا و بەشی کڕین و فرۆشتنی بۆرد دا کلیک بکەن.

## لیستی پسوولەکان

بۆ لیست دروست کردن بینین، گۆڕین و سڕینەوەی ئەم پسوولانەی کە پێشتر داخل کراون لە لیستی پسولەکان سوود وەردەگرین. بۆ بینینی لیستی پسوولەکان لە سەر دوگمەکانی بەڕێوەبردنی پسوولەکان لە گەیشتنی خێرا و بەشی کڕین و فرۆشتنی بۆرد کلیک بکەن.




1. مەودای کاتی و جۆری پسوولەکانی کە دەمان هەوێ لیستی لێدروست بکەین.
2. دیاری کردنی هاتنی پسولەکان لە لاپەڕەیەک لە لیستەکەدا
3. کۆی ستوونەکان دەتوانن لێرەدا ببینن.
4. **مینۆی کلیک ڕاست لەسەر لیست**: کۆپی بۆ کۆپی کردنی پسوولەیەک و دروست کردنی پسوولەیەکی تر وەکو ئەم پسوولە. ئەگەر هەویستان پسوولەیەک وەکو ئەم پسوولە دروست بکەن لە کۆپی سوود وەرگرن.

## قازانج و زەرەر

قازانج=کۆی فرۆش – کۆی کڕین – خەرجییەکان

کەواتە قازانج و زەرەر لە کڕین و فرۆشتندا مانا دەکرێتەوە. لە بەرنامەی ڕۆبۆتدا ڕاپۆرتی زۆرمان هەیە بۆ بینینی قازانج و زەرەر. لە پسوولەی فرۆشتندا دەتوانن بە پێی هەر پسوولەیەک قازانج هەژمار دەکرێت کەواتە بە کۆکردنەوەی قازانجی پسوولەکان دەتوانین قازانجی ناتەواوی خۆمان

ببینین. بۆ ئەم بابەتە دەتوانن لە لیستی پسوولەکاندا ستوونی قازانج یان لە ڕاپۆرتی " ڕاپۆرتی قازانج و زەرەری دەرمان" لە بەشـی ڕاپۆرتەکان یان ڕاپۆرتی " ڕاپۆرتی قازانج بەپێی پسـوولەکان" و هتد سوود وەرگرن.

تێبینی زۆر گرینگ: لە بەرنامەکەدا ئەگەر بوونی دەرمانێک سـالب نەبێ بۆ هەژمارکردنی قازانج لە نرخی کڕینی ماماوەندی دەرمان سوود وەردەگیرێ بەڵام ئەگەر بوونی دەرمانێک سالب بێ لە دواین نرخی کڕین بەم مەرجەی کە سفر نەبێت سـوود وەردەگیرێ. ئەگریش دواین نرخی کڕین سفر بێت لە نرخی سەرەتایی کڕین سوود وەر دەگیرێ.

## وەرگرتن و پێدان

وەرگرتن و پێدان دەبنە هۆی زیاد بوون یان کەم بوونی دەخل و حیسـاب و هەروەها لەسـەر قەرزداری و داواکاری لایەنی حیساب کاریگەری هەیە.

دەخل: بە بڕی بوونی نەقدی نیشـان دەدرێ. نەقـدەکانی وەرگرتن دەبنە هۆی زیـاد بوونی و نەقدەکانی پێدان دەبنە هۆی کەم بوونەوەی.

حیساب: بە بڕی بوونی بانکی نیشاندەدرێ. ....

دەتوانن وەرگرتن و پێدان لە پسـوولەدا یان بە شـێوەی سـەربەخۆ لە وەرگرتن پارە بە نەقد و پێدانی پارە بە نەقد بەشی " وەرگرتن و پێدان"ی بۆرد ئەنجام بدەن وە یان بەم جۆرەی کە پێشتر شرۆڤە کراوە دەتوانن لە ڕاپۆرتی مێژووی کڕیار سوود وەرگرن.

## داخڵ کردنی نەقدی بە سەربەخۆیی

بۆ داخڵ کردنی وەرگرتن و پێدانی پارە بە نەقدی لە دوگمەکانی "وەرگرتنی پارە بە نەقدی" " لە گەیشـتنی خێرا و بۆرد و "پێدانی پارە بە نەقدی" تەنیا لە بۆرددا سـوود وەرگرن. بۆ نموونە وەرگرتنی پارە بە نەقد شـرۆڤە دەکەین. ئەگەر کلیک لەسـەر دوگمەی وەرگرتنی پارە بە نەقد لە گەیشتنی خێرادا بکەن فۆرمی خوارەوە دەردەکەوێ.




1. کڕیار: ناوی کڕیار لێرەدا دیاری بکەن.
2. نرخ: داخڵ کردنی بڕی پێدراو
3. ئەو دوگمانەن کە لە زۆربەی فۆرمەکاندا هەن.

## خەرجی و داهات

جگە لە پســـوولەی کڕین بە هەر بڕی پێدانێک کە ئێوە بە لایەنی حیســـابێکی دەدەن خەرجی پێ دەگووترێ. جگە لە پســـوولەی فرۆش بە هەر بڕی وەرگرتنێک کە ئێوە لە لایەنی حیســـابێکی وەردەگرن داهاتی پێ دەگووترێ.

چونکە کڕین و فرۆشتن بە پسوولە ئەنجام دەدرێ.

بۆ نموونەی خەرجێکان دەتوانین بە خەرجی کارەبا، ئاو، کرێی، مووچەی کارمەند، پرینتر و هتد ئاماژە بکەین.

بۆ نموونەی داهاتەکان دەتوانین بە فرۆشتنی هەر شتێک کە بە پسوولەی فرۆشتن ئەنجام نادرێ و لە دەرمانەکانی داخڵکراو بە بەرنامە کەم ناکاتەوە.

گرووپ کردنی خەرجی و داهاتەکان: پێش لە داخڵ کردنی خەرجی یان داهاتەکانی خۆتان بە گرووپ بکەن بۆ ئەم مەبەستە لە بەشی خەرجی و داهات لە بۆرد " گرووپ کردنی خەرجییەکان و داهاتەکان" هەڵبژێرن تاکو فۆرمی خوارەوە دەردەکەوێ:




1. گرووپەکانی خەرجی کە پێشتر پێناسە کراون.
2. فۆرمی دروســت کردنی گرووپی نوێ کە بە کلیک کردن لە ســەر دوگمەی نوێ دروســت دەبێ و دەتوانن لە بەشی گرووپ تایبەتمەندییەکانی دیاری بکەن.
3. دوگمەکان

## پێناسە و پێدانی خەرجییەکان

## ڕاپۆرتەکان( دیزاین، ژمێریاری)

ڕواڵەتی تەواوی ڕاپۆرتەکان، پسوولەکان و بەڵگەکان دەتوانن بە دڵخوازی خۆتان بگۆڕن.

بۆ ئەم کـارە بچنە ڕێچکەی بەرنـامە، دڕایوی :D فۆلـدێری RoboAcc، وە فـایلی Designer.exe بەڕێوەبەرن. نموونەکانی دیزاینی پسـوولە، بەڵگە و ڕاپۆرتەکان لە فۆڵدێری Prints لەم ڕێچکەیەدان. ئەم فایلانە بە بەرنامەی پێشـــوو (Designer.exe) بکەنەوە و هەر بەشـــێکی کە بۆخۆتان ویســـتان بیگۆڕن.

ئەم بەرنامەیە ڕاپۆرتی زۆر تێدایە. دەتوانن بە خواســـتی خۆتان دروســـتیان بکەن و ســـوودیان لێوەرگرن.